کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 15:08بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەو کەڵەپیاوانەی کە هەرگیز نامرن ... ناسرعەزیز هەورامی

نەمری ئەم جارەمان، لە مێژووی ئیسلامیدا، ئارامی گرتووە. بۆ ئەوە ئەمەم نەنوسیوە کە، بە شانوو باڵی ئیسلامدا هەڵبدەم. بەڵکو باوەڕی تەواویشم، بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیەو، بەڵام لە ڕوانگەیێکی تایبەتی خۆمەوە، سەیری ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەکەم، بە بێ ئەوەی هیچ ئا یینێکیتر بخەمەلاوە.

ئەم نەمرە، ناوی[عومەری کوڕی عەبدوالعزیزە]، کەحەوتەمین خەلیفەی ئەمەوییەکانە، پاش سولەیمانی کوری عبدالملک، هەروەها لەبەر، دادپەروەریوو لە خۆبووردەییی، مێژووناسان بەپێنجەمین خەلیفەی ڕاشدیینی ئەچوێنن.

لەساڵی 680زاییینی هاتوەتە دنیاوە، لەساڵی720زکۆچیدوایی کردوە. پاش مردنی خەلیفە سولەیمان بوو بە خەلیفە، بە پشتاو پشت، بەڵام ئەم کەڵەپیاوە ئەوەی قبووڵنەکردوو، موسلمانانی کۆکردەوەو. لەمزگەوتدا پێی ووتن. {ئەی خەڵکینە، من کە کراوم بە خەلیفە، نە ڕایان وەرگرتووم، نە ویستی خۆشمەو، نە داواشم کردوە، بەڵکو مافی ئێوەیان پێشێل کردوە، ئەبێت ئێوە خەلیفەی خۆتان هەڵبژێرن،، ئەوا من لێرەدا، ئەو مافەم گەڕاندەوە بۆ خۆتانوو، خۆتان بڕیار بدەن، چوونکە ئەمە کارێکی ئاسان نییەو، ئە بێت خۆتان یەکێک هەڵبژێرن. کە شایانی ئەوەبێت}. پاش ئەم قسانە، ئامادەبووان بەیەک دەنگ هاواریان کرد، ئەوا ئێمەش تۆمان هەڵبژارد بەخەلێفەی خۆمان. بەمشێوەییە عومەریان هەڵبژارد بە خەلیفە.

بەڵام خەلیفەکانی پێش ئەو، هەتا بنەگوێییان لە گەندەڵیدا چەقیبوون، ئەمیش دەیزانی کاری سەرشانی ئێجگار قورسو گرانە. دەبێت جاری ئەو گەندەڵییەبکات ... . خەڵکێکی زۆر فەقیر بوون، زۆریش غەدرو زوڵمیان لێکرابوو ماڵوو مۆڵکیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە زەوت کرابوو.

بەمشێوەییە، گەڕایەوە بۆماڵەوە هەتا پشوویێک بدات، تۆزێک پاڵکەووت، کورەکەی کەناوی [عبدالملک]بوو هاتە ئەنێشتیەوەو پێی ووت ئەی ئەمیر، ئەتەوێت چیبکەیت، ئەویش لەوەڵامدا وتی ماندووموو ئەمەوێت پشوویێک بدەم،، کورەکەی هاتە جوابوو پێی ووت:ـئەی ئەمیر تۆچۆن ئەبێت پشووبدەییت، گەندەڵی وڵاتەکەتی وێران کردوە.

ئەبێت پێش هەموشتێک، چاری گەنگەڵی بکەیتو، هەموو مافێکی ماف خوراوان بگەڕێنیتەوە، ئینجا پشوو بدەیت، ئەوێش باوەشی کرد بەکوڕەکەییداو، توند گرتییە باوەشوو، وتی سوپاس بۆخوای مەزن کە کۆڕێکی وەکو تۆی پێبەخشیوم، .

عومەر خۆی پێش ئەوەی ببێت بە خەلیفە، زۆر دەوڵەمەند بوو، خەرێکی بازرگانی بوو، هەروەها ژنەکەشی هە هەمان شێوە، بەمشێوەییە لەناو ماڵەکەی خۆییەوە دەستی پێکرد، بە ژنەکەی ووت وەرە، دانیشەئەوێش هات دانیشت وتی خشلەکانیشت بهێنە. ژنەکەشی بەسەرسامیەوە وتی خشڵ بۆ بێنم؟، ووتی بیهێنە ئەوسا پێت دەڵێم، ژنەکەشێ بێ یەکو دوو خشڵەکانی هێناو، داینا عومەریش پێی ووت، من هەڵئەبژێریت یان خشلەکانت، ژنەکەشی ڕاستەو خۆ وتی تۆ، ووتی دەباشە دەبێت ئەو خشڵوو زێڕەت بدەیت بە {بیت المال} یانی بە خەزێنەی موسوڵمانان چوونکە: وڵاتمان فەقیری زۆری تیایە پێویستە بە هاموان یارمەتی بدرێن، هەتا هەموان بە یەکسانی بژین

جوونکە من خەلیفەی موسڵمانانم، پێویستە وەکو فەقیرتین کەس بژیم، ئەگەر من وا نەکەم ناتوانم سەرۆکایەتی بکەم. بەم شێوەیە لەخۆیەوە دەستی پێکرد، هەرجی زوڵم لێکراو بوو هەمێ هەقەکەیانی وەرگرتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 15:08بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

مامەڵە کردنی لەگەڵ حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی دا.
حەجاج هەتا بڵێی پیاوێکی زاڵمو داوێن پیسوو دڕندەبوو لەلایەن معا ویەوە کرابوو بە والی عێراق، مێژووناسان بە درندەێکی بێوێنەی دەدەنە قەڵەم، دەڵێن لەسەردەمی ئەودا، لەعێراقدا تەنها سجنی ژنان 60000شەست هەزار ژنی تێدابووە، دەڕندەیی ئەم پیاوە باسناکرێت، سەددام لەجاویدا هیچ بووە.
یەکەم ئیشی ناردی بەدوای حەجاجدا کە بێت بۆشام بەڵام کە حەجاج خەبەرەکەیان پێدا لە تەرساندا هەر ئەوشەوە مرد، چوونکە خۆی ئەیزانی چەند ساڵە لە عێراقدا جیکردوەو پاداشتەکەی چییە بۆخۆی گیانی زاڵم و گەندەڵی سپارت بە شەیتان.
هەرچی سجنەکان بوو هەمووی بەراللا کردن دەڵێن تانها لەماوەی خەلافەتی ئەودا یەک سجن نەبووە.
مێژوو ناسان دەڵێن جارێکیان ژنەکەی دەچێتە ژوورەوەو سەیر دەکات عومەر دەگری، ژنەکەشی پێی دەڵێت بۆ دەگرێت ئەویش لەوەلامدا دەڵێت:-بۆ فەقیری برسی ئەگریم، بۆنەخۆشی جارەسەر نەکراو ئەگریم، بۆ مرۆڤی زوڵملێکراو ئەگریم. بۆهەتیوی بێباوک ئەگریم، بێوەژنی بێ مێرد ئەگریم، .. هتد...
جوونکە من بەر پرسیارم بەرامبەر ئەمانە هەمووی ئیتر چۆن نەگریم.
هەڵسا بە بڕینی معاشی{ بنو ئومەییە}معاشی ئەمەوییەکان کە بۆیان بڕابوویەوە، هەروەها هەڵسا بەبڕینی، معاشی شاعیروو نووسەرە ماستاو کەرەکان، کە معاشی ماستویان پێشتر بۆ بڕڕابووەوە چیتربکات بۆ ئەوەی گەندەڵی بنبڕبکات؟
هەستا بە کۆکردنەوەی هەموو دادپەروەرانوو، زانایان بۆئەوەی رێگای پێ نیشان بدەن چی بکات، زانایان وتیان ئەوەی لەوەو پێش کراوە تۆ بەر پرسیار نیت لێی و، کاری ئەوانەی پێشووی تۆیە، تۆ گووناهبار نیت لێی، بەڵام خەلیفە ئەم وەڵامەی بەدەڵ نەبوو، بۆیە هەڵسا بەکۆکردنەوی کۆمەڵێکی تر، بۆ ئەوەی ڕێی پێنیشان بدەن، یەکێک لەوانە کوڕەکەی خۆی بوو{عبدالملک]، ئەم کۆمەڵەی دوایی، بەتایبەتی کوڕەکەی خۆی، پێیان ووت دەبێت هەموو زووڵم لێ کراوێک، هەقی بۆ وەربگێرێتەوە، ئەگەر هەقی بۆ وەنەگریتەوە، مانای ئەوەیە ... ...
{تۆش شەریکی ئەوانەییت کە زوڵمیان کردوە}، بەمشێوەیە کارەکانی ڕاپەڕاند، هەقی هیجکەس بەسەر کەسەوە نەما کە وەری نەگرێتەوە..
بەم شێوەیە ئەم سەردەمە بە زێڕینترین سەردەم دەژمێررێت لە مێژووی ئیسلامدا پاش خولەفای راشدین. مێژوو ناسەکان دەڵێن: ئەوەندە خەڵک تێر بوو، زۆر کەس ئەگەڕان، کە زەکاتەکەیان بدەن بە خەڵکی فەقیر، بەڵام خەڵکی فەقیر نەبوو، زەکاتی پێ رەوابێت، بەم شێوەیە کە چارەسەری گەندەڵی کرد، ئینجا دەستی کرد بە کاری چاک کردنی، ڕێگاوبان، کردنەوەی قوتابخانە، لە مزگەوتەکانا، ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بەرپا کرد، لەم سەردەمەدا هیچ شەڕوو شۆڕێک رووینەدا، مێژوو نووسەکان لەشی خودی عومەر وا وەسفدەکەن ئەڵێن پێستەکەی بە ئێسقانەکانیەوە لکابوو، ئەوەندە زەعیف بووە.
هەرچەندە ماوەی ژیانی ئەم پیاوە کەم بوو نزیکەی دووساڵو نیو بوو بەڵام مێژووییکی سەروەری بۆخۆییو بۆئێسلامو بۆمرۆڤایەتێش نەخشاند کە هەموو کەس فەخروو شانازی پێوە ئەگات.
کۆتایی نووسینەکەم بە پەندە هەوورامییە کۆتایی پێئەهێنم{پاسار بژنەوە بندیوار چنی تۆما}.

مێژووناس/ناسرعەزیز هەورامی
هۆڵەندا/لاهای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.